# مشتێك فرمێسك لە یادی 17 ساڵەی ئەنفالدا

عەلی مەحمود محەمەد



تا ئەم چرکە ساتەش چارەنوسی 182000مرۆڤی ئەنفالکراو نا دیارە, نادییار بوون بە مانای وونبونی گۆڕەکانییان , بە مانای ئاشکرا نەبوونی چارەنووسی پاکیزە فرۆشراوەکانییان , بە مانای چۆنییەتی لە ناودانییان . تا دوێنێکەش کەس و کاری قوربانییانی ئەو کارەساتە لەگەل تەقەی دەرگادا ڕادەچەلەکێن و چاوەڕوانی هاتنە ژورەوەی خۆشەوستەکانیان بوون , لە ناو هەموو تارمییەکدا وێنەی ئازیزانییان دەدۆزییەوە , لە هەموو دەنگێکدا موچڕکەی خۆشی بۆ دەنگی بێسەروشوێنانییان لە تەوقی سەرەوە تا پاژنەی پێیانی دەتەزاند . ئەوەی لە هەناوی خەمی ئەو خەڵکەدا ژیابێت , خۆی یەکێك بێت لە قوربانییەکان ئەوەدەزانێت 17 ساڵە چۆن ژیان بەسەرە بەن , چۆن لەگەڵ ئەنفالی برسێتییدا دەست لە بناقاقای یەکتری بوونە , لە ڕزگار بوون لە ئەنفالی مەرگەوە بۆ ئەنفالی برسێتی و سوکایەتی , سواڵ یان سەدەقە گوڵە گەنم هەڵگرتنەوە یان گەڕان بە ناو زبڵدانەکاندا . نە دەسەڵات , نە دیموکراسی ,نە ڕۆژنامەی ئازاد ,نە حزبی کارتۆنی, نەسەتەلایت ,....هتد هیچی دادی یەك پارو نانییانی نەدا .

شەوو ڕۆژ لە میوانخانە ئەستێرە دارەکان , پێکەکان لە بەر کێشانییان بە یەکتریدا , خەوی لە چاوی خەڵکی شار حەرام کردبوو , گەوزی مناڵانی ئەنفالکراویش لە برسان خەوی لە چاوەکانییان تاراندبوو , لە کۆڕو کۆنفرانسەکانیش , کۆبونەوەو یادەکانیش , بۆینباخ لە ملەکان , غەبغەبەدارو کۆنە بەعسی و ئیتحاد تەڵەبەو بەعسی و جاشەکان , دەبوونە زمانحاڵییان , تا ئێستاش ئەنفال کەران وچاوساغانی مەرگەساتەکانییان بە بەرچاوییانەوە جرت و فرتیانە .

ئەو سوپاو جاشانەی هێرشیان کرد و ئەنفال کراوەکانیان لە کونە شاخەکان دەرهێناو چاو ساغیی بەعسییەکانییان دەکرد , دیلەکانییان لە سەربازگاکانی تۆبزاوەو قۆرەتوو و تەقتەق و ... کۆیانیان کردەوە ,یاخود ئەو جاشانەی لە شارەکان بە کۆمەل تەسلیمییانیان کردەوە , ئەو شۆفێرەی خانوەکانی ڕوخاند یا ئەنفال کراوەکانی گواستەوە , ئەو سەربازو ئەمنەی نیگابانی ئەنفالکراوەکانی کرد ,ئەو دل ڕەقەی بە کۆمەل گولەبارانانیی کرد ,ئەو پسپۆڕەی تاقیکردنەوەی گازی کیمییاوی لە سەریان ئەنجام دا , ئەو بەعسییە ئەمینەی تا ئێستا نهێنیەکانی پاراست , ئەو فڕۆکەوانەی ژەهری بە سەرماندا باراند , حەجاج و حەجاجیەکان* لە پیاوانی ئەمن و ئیستیخبارات هەزارانی لە توێنوەتی دا لە نگرە سەلمان خنکاند و مناڵی ساوای بەبەر چاو داکیەوە دەرخواردی سەگە برسییەکان دا .

ئەمانە نەك هەمو ئازادن , ئەمڕۆ کاربەدەست و دەست ڕۆیشتوو بڕیار بە دەستن . ئەو فڕۆکەوانانەی دەیانی وەك ملازم شالڵاویان** لەکاتی ژوانی بەیەك گەیشتن لەگەل خۆشەویستەکەی کرد بە ڕەژوو ,یا ئەو جەمەدانی بەسەرەی هەزارانی وەك مام ڕەزایان*** بە دنیایەك ئومێدەوە تەسلیم بە ڕژێم کردەوە,یاخود ئەو خاین و دڵ ڕەقانەی هاوڕێکان خۆیانییان لە خەودا یاخود لە سەنگەردا شەهید کرد و لەسەر ئەژنۆ بۆ بەعس داچەمینەوە تا بە خوێنی هاوسەنگەرانییان درێژە بە ژییانی پڕ شەرمازارییان بدەن , پاشان لە دیموکراسی یە عاجباتی یە بێ وێنەکەی کوردەواریدا بوونە پارێزەری دەسکەوتەکانی ڕاپەڕینەکەی ئێمە . ئاخ داخی مام جبرائیل**** بۆ یەك دەستە مناڵی ئەنفالکراوی , پلکە فاتم و هەزاران مام محەمەدی تەنیا و 5000 عومەر خاوەرەکەی هەڵەبجەو 8000 بارزانی , هەموویان دادگایی تاوانبارانیان لێمان دەوێت .

---

*حەجاج دڕەندەترین بەعسی بوە کە ئەنفالەکان بنیویانە لە نگرە سەلمان.

** پ م حزب الله بوو خەلکی گەلۆزی لە گوندی دەرماناو خۆشەویستەکەی کۆپتەر کردی بە ڕەژوو ڕوداوەکەم بە چاوی خۆم دی .

*** پ م ینك خەلکی گوندی کاولەسار ئەنفال کرا .

**** پ م حشع خەلکی گوندی شەوگێر تەنها خۆی دەرچوو.